
# رۆڵی حیزب لە دەنگدان


دەنگدەر چ کاتێک بڕیاری کۆتایی دەدات؟

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، بەشێکی زۆری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە مانگێک بەر لە ڕۆژی هەڵبژاردن، بڕیاری خۆیان دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنێک بدەن. ئەمەش دەتوانێت نیشانەیەکی دیاری بەرزبوونی ئاستی جەمسەربەندیی سیاسی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بێت.

## بڕیاری کۆتایی




ڕێژەی ئەوانەی کە بنەمای حیزبییان وەک فاکتەرێکی دەنگدان هەڵبژاردووە





## رۆڵی حیزب لەدەنگدان





بە گوێرەی ئەنجامەکان، لەوانەیە لایەنگری و ئەندامبوونی حیزب، بە تەنیا فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نەبێت لە ڕەفتاری دەنگدانی خەڵک.

## ئەوانەی بەشداری ناکەن




## کاریگەری دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردن




زۆرترین ڕێژەی گرووپی تەمەنیی 0-14 و 15-29 لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای هەولێر دهۆک دایە. بەرزترین ڕێژەی سێ گرووپی تەمەنیی کەسانی سەرووی 30 ساڵیش لە پارێزگای سلێمانیدایە.




بەپێی ڕاپرسیی ڕوانگەی گەنجان 2023، ڕێژەی 72٪ی گەنجان دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافیان هەبێت.





خواستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بەپێی گرووپەکانی تەمەن

## خواستی بەشداری لە سەر ئاستی هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک




# رۆڵی حیزب لە دەنگدان

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ ئەوەیە کە پێدەچێت هۆکاری ئەندامبوون لە حیزب تاکە هۆکارنەبێت بۆ رەفتاری دەنگدانی خەڵك و ئەمەش دەتوانێت نیشانەیەك بۆ لاوازیی کاریگەری حیزب وەك دامەزراوە، لەسەر رای خەڵك بێت.




رێژەی 61.5%ی بەشداربووانی ئەم راپرسییە گوتوویانە کە بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، پاڵنەرەکانی ئەوانەی کە پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردن دا نەکردووە، بریتین لە نەبوونی متمانە بە هەڵبژاردن و پارتە سیاسییەکان، نائومێدی لە گۆڕانکاری و بچووکیی تەمەن. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەبوو کە بەشێك لە دەنگدەران باسی ئەوەشیان کردووە کە بەهۆی نارەزایی لە سیاسەتی پارتەکەی خۆیان بەشدارییان لە هەڵبژاردن نەکردووە.
بەپێی ئەم راپرسییە بەشێکی زۆری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو زیاتر لە مانگێك بەر لە رۆژی هەڵبژاردن بڕیاری خۆیان دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنێك بدەن. ئەمە بۆ هەڵبژاردنەکانی پێشتریش وابووە.
لەڕووی رەگەزییەوە، پیاوان بەرێژەی 65.6%، زیاتر لە مانگێك بەر لە هەڵبژاردن خۆیان یەکلادەکەنەوە، لەکاتێکدا کە ئەو رێژەیە لەنێو ژنان 46.8% بووە و، ئەمەش کەمی


## ئەوانەی بەشداری ناکەن




تێکەڵاوبوونی ژنان بە جەمسەربەندییە سیاسییەکان، بە بەراورد بە پیاوان دەردەخات. لەنێو گرووپەکانی تەمەنیش دا ئەوانەی کە لە تەمەنەکانی نێوەڕاستدان، زووتر خۆیان یەکلا دەکەنەوە. لێرەشدا بەرزترین ڕێژە بۆ گرووپی تەمەنیی 59-40 تۆمار کراوە کە 60.9% بووە. دوای ئەوانیش هاونیشتمانییانی سەرووی 60 ساڵ بە ڕێژەی 58.7% دێن. گەنجانی تەمەن 24-18 ساڵیش بە 46.8%ەوە لە کۆتایی ڕیزبەندییەکەدان.

### دەنگدەر چ کاتێک بڕیاری کۆتایی دەدات؟


بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، بەشێکی زۆری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە مانگێک بەرلە ڕۆژی هەڵبژاردن، بڕیاری خۆیان دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنێک بدەن. ئەمەش دەتوانێت نیشانەیەکی دیاری بەرزبوونی ئاستی جەمسەربەندیی سیاسی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بێت.




پێدەچێت ئاستی خوێندەواری کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زووتر بڕیاردانی دەنگدەران نەبێت، چونکە ڕێژەکانیان زۆر نزیکی یەك دەرکەوتوون. ئەمە بۆ ئەوانەش کە کار دەکەن و ئەوانەش کە کارناکەن بەوجۆرەیە. لەڕووی ژینگە و شوێنی نیشتەجێبوونەوە، خەڵکی لادێ، درەنگتر لەوانەی لە شارەکاندان بڕیار دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنیك بدەن. 51.1% یان گوتوویانە مانگێك بەرلە هەڵبژاردن بڕیار دەدەن، بەڵام ئەوانەی لە شارەکاندا دەژین، بەڕێژەیەکی دەوروبەری 59%، مانگێك پێشتر خۆیان یەکلاکردووەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەنگدەرانی سۆران بەڕێژەی 81.1% یەك مانگ بەر لە هەڵبژاردن بڕیاری خۆیان دەدەن. دوای ئەوانیش ڕاپەڕین بە 67.3% و هەولێر بە 64.6% دێت. سەرنجڕاکێشە کە تەنیا 33.7%ی دەنگدەری دهۆك یەك مانگ بەر لە هەڵبژاردن خۆیان یەکلایی دەکەنەوە کە لەوانەیە ئەمەش، لە تەنیشت هۆکاری سیاسی، زیاتر بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر کێبڕکێی هەڵبژاردن بگەڕێتەوە.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، لەنێو ئەوانەدا کە پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردن


**کاریگەری دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردن**




بەپێی ڕاپرسیی ڕوانگەی گەنجان 2023، ڕێژەی 72٪ی گەنجان دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافیان هەبێت.





خواستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بەپێی گرووپەکانی تەمەن




زۆرترین ڕێژەی گرووپی تەمەنیی 0-14 و 15-29 لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای هەولێر دهۆک دایە. بەرزترین ڕێژەی سێ گرووپی تەمەنیی کەسانی سەرووی 30 ساڵیش لە پارێزگای سلێمانیدایە.

**خواستی بەشداری لە سەر ئاستی هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک**



نەکردووە، پیاوان بە ڕێژەیەکی زیاتر لە ژنان ناویان تۆمار کردووە. هەروەها لەنێو گرووپەکانی تەمەنیش دا گەنجانی تەمەن 24-18 ساڵ بە 52.6%ەوە بەرزترین ریژەی ناو تۆمارکردنیان هەیە. لە ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیشدا، سۆران بە 72.4%، زاخۆ بە 68.7% و هەولێر بە 58.3% و دهۆکیش بە 52.4% هاتوون. کەمترین رێژەی ئەوانەش کە هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە بەشداری نەکەنەوە، لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجە بوون و، رێژەی 20%ی بەشداربووان گوتوویانە ئەم جارە ناویان بۆ هەڵبژاردن تۆمارکردووە.